# سەرمایەداری، ستەمکاری فۆرمەکانی بەرەنگاری

عەلی مەولود

ئـەم بابـەتـە، هـەوڵێكـی سـادەیـە بەگـوێرەی توانـای خـۆم، بـۆ خسـتنەڕووی كۆمـەڵێک چـەمک و دیـاردەو تێگەیشتن، سەبارەت بەسـەرهەڵدان و كارنامەی سیاسی، ئابووری و كۆمـەڵایـەتی سـەرمایـەداری و خـەبات و بەرەنگاری دژی ستەمكاریەكان و مەترسیەكانی ئـەو سیسـتەمـەو شـێوەژیان و سیسـتەمـی جێگرەوەی ئـەو، بەتـایبەت لە بەشـی كۆتاییەكەیـدا فـلاش خـراوەتـەسـەر ماتریـاڵ و بكـەری شـۆڕش و گۆڕانكاریەكـان، وە سۆشیاڵیزم و رۆڵی چینی كرێكار وردبینی كراون و دەوڵەتگەرایی رەخنەی لێگیراوەو فۆرمەكانی بەرەنگاری فۆكۆسیان خراوەتە سەر.

بەمەبەسـتی كارئاسـانی و بـۆ زیـاتر گەیانـدنی بۆچوونەكـان، بـابەتەكە كۆمەڵێـک ناونیشـانی لاوەكـی لەخۆگرتووە، كە خوازیـارم دەرگـای وتـووێژو شـەن و كەوكردنێک بكـاتەوەو یارمەتیدەر بێت لە كـردنەوەی كۆمەڵێک لە " گرێ"كان و كۆمەكێک بكات لەو راستایەدا. **عەلی مەولود**

# سەرمایەداری، ستەمکاری

# فۆرمەکانی بەرەنگاری[1]

## سەرمایەداری لەدایکبوونێکی نوێ

سەرمایەداری، لە درێژەی کۆمەڵگا چینایەتیەکانی پێش خۆیدا و وەک فۆرماسیۆنێکی تازە، پێینایە قۆناغێکی نوێی شارستانیەتی چینایەتی، شێوەی چەوساندنەوەی گۆڕی و بەجۆرێکی تر رێکیخستەوە، تاکگەرایی کرد بە فۆرمی تازەی ژیان، لەسەر بناغەی ملکایەتی تایبەتی شێوەی بەرهەمهێنانی کالایی و بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتی پەرەپێداو هاوکات خودی هێزی کاریشی کرد بە کالا، سەروەت و سامانی کۆمەڵگای لەدەستی کەمینەیەکدا قۆرخکردو کەڵەکەی سەرمایەی کرد بە فۆرمی ئابووری خۆی، کە هەرچەند زیاد بکات کۆتایی نیە، لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا پەیوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانی کرد بە پەیوەندی نێوان سەرمایەو کاری بەکرێ، زۆرینەی مرۆڤەکانی لە خاوەنداریێتی داماڵی و کردنی بە کرێکارو خستنیە چوارچێوەی پەیوەندیەکی ئابووری بۆ بەرهەمهێنانی زێدەبایی و بەرهەمهێنانی زێدەبایی کردە تاکە مەرجی کارپێدانی کرێکاران یان بەپێچەوانەوە بێکارکردنیان، بێکاری و لێسەندنەوەی مافی کارکردن، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لەسەر دەستی ئەم سیستەمە سەریهەڵداو لەپێناوی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج، لەلایەک بێکاری و لەلایەک کاری نێوەخۆڕایی سەپاند بەسەر کارکەراندا.

لە سەرمایەداریدا، هەموو کەسێک بەبێ جیاوازی لە رواڵەتدا مافی هەیە موڵکایەتی هەبێت، کاربکات، بژی، ئازاد بێت، راو بۆچوونی هەبێت، نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت و خۆی بەربژێر بکات بۆ نوێنەرایەتی گەل، بەڵام لەواقعداو بەکردەوەزۆرینەی خەڵک لەو مافانە بێبەشن، بۆ کرێکاران تەنها کاری بەکرێ هەیە بیکەن، جوتیاران رۆژبەرۆژ زیاتر دەکەونە ژێر پەستان و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی دەچێتە بەر رکێفی سەرمایەداران، بێکاری و هەژاری بەبەردەوامی لەزیادبووندان و رۆژبەرۆژ هێزی کاری یەدەگ زۆرتر دەبێت، ئاوارەیی هەمیشە بەشێک لەمرۆڤەکانی لەباوەش گرتووە، ئاینەکان و دەستوورو یاسای دەوڵەتەکان بۆچوون و باوەڕی خەڵکیان لەقاڵبداوە، پیسبوونی ژینگەو ژەهراوی بوونی خۆراک و ئاو هەڕەشەی راستەوخۆ لەژیان دەکات و چارەنوسی زۆرینەی خەڵکی رووبەڕووی مەترسی کردۆتەوەو ...تاد.

ناکۆکی و دژیەکی ئەم سیستەمە لەگەڵ ژیان و بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵک، مەسەلەیەکی کاتی و راگوزەرو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و بەدحاڵی بوون نیە، بەڵکو هەوییەتی و ریشەیی و هەمیشەییەو بەشێکی جیانەکراوەیە لەشوناسی سەرمایەداری، وە هیچ پرۆژەو هەوڵێک بۆ دەستپێوەگرتن و نۆژەنکردنەوەو پێشخستنی ئەم سیستەمە و دابینکردنی ئازادی و دیموکراسی رووکەش، ناتوانێت بەر بە بەدکارییەکانی بگرێت و زۆرینە لە ستەمکاری و چەوسانەوە رزگار بکات، پێویستە رێگایەک و شێوازێکی راستەوخۆو راشکاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەوسانەوەو ستەمکاری بگرینەبەرو لەم سۆنگەیەوە هەوڵدان بۆئەوەی بەرەنگاری ئەم زۆرینەیە ببێت بە ئەزموونێک و بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینە، بۆ تێپەڕکردن و جێگرتنەوەی سیستەمی مەوجود بە شێوە ژیانێکی ئازادو ناچینایەتی، پێویستیەک و لەهەمانکاتدا کردەیەکی هەنوکەییەو ئیمکانی جێبەجێ بوونی هەیە.

ئەم سیستەمە، سەرەتا لە ئەوروپا سەریهەڵدا، لە سەدەی ١٠ بەدواوە کاتێک شارەکان بەدەوری کۆشکی پاشاکاندا پێکهاتن پێشەگەرەکان تێیدا کۆبوونەوە و

بەرەبەرە ژمارەی خۆیان و شاگردەکانیان زیادی دەکرد، شارەکان بوون بە چەقی بەرهەمهێنان و بەرهەم زیادی کرد و بازاڕەکان دروستبوون، پارە دان بە "**سو**" چووە ناو بازنەی ئابووری کە دواتر بانکەکانی لێ پەیدابوو، بازرگانی و پیشەسازی گرنگی زۆریان پێدرا، لەم چوارچێوەیەدا چینێکی نوێی دەوڵەمەند پەیدابوو کە ئاغاکان و پاشاکان و کڵێساکان لەبەرامبەر پارەدا ڕێگایان پێدا یەکێتیەکانی خۆیان دروست بکەن و خۆیان ڕێکبخەن.

ئەم چینە نوێیە لەلایەکەوە زەوی جوتیارانی داگیرکرد و کشتوکاڵی خستە چوارچێوەی شێوەبەرهەمهێنانێکی نوێ کە قازانجەکەی دەچووە گیرفانی بازرگانەکانەوە و لەلایەکی ترەوە بەشێک لە جوتیارانی بەکێش کرد بۆ ناو کارگاکان و کردنی بەکرێکار و دابڕین لە موڵکایەتی و پرۆسەی جیابوونەوەی بەرهەمهێنەران لە بەرهەمەکانی دەستی خۆیان، دەستی پێکرد. پیشەوەرەکان ئەوانەی نەچوونە ناو پیشەسازییەوە یان لەپەراوێزدا مانەوە یان بوون بەکرێکار، بازرگانەکان و خاوەن کارگاو بانکەکان بوون بەخاوەنی قازانجی زۆر و پاشاکان و کڵێساکانیشیان خستە ژێرکاریگەری پارەکانیان، لەم پرۆسەیەدا ئاغاکان لە دوولاوە زەبریان بەرکەوت یەکەم کە شارەکان لەبەرهەمهێناندا گرنگی زیاتریان لەچاو دیهاتەکان وەرگرت و شارەکان بوون بە سەنتەری بەرهەمهێنان، دووەم کە جوتیاران بە شەپۆل دەبوونە کرێکار، ئەم ئاڵوگۆڕە ئابووریە دەسەڵاتی ئاغاکانی کەمکردەوەو سەرەنجام لەناوی برد.

سەرمایەداری لە خاوەنی کارخانەکان و خاوەنی بانکەکان و بازرگانەکان پێکهات و لەگەڵ خۆی کۆمەڵێک ناکۆکی هێنا، بۆ نمونە کرێکاری بەرهەمهێن دەسەڵاتی بەسەر بەرهەمەکەی خۆیدا ناشکێ، ئەوەی کاردەکات مالیک نیەو ئەوەی مالیکە کار ناکات، بەرهەمهێنان بەشێوەی کۆمەڵایەتیە بەڵام خاوەنداریتی کۆمەڵایەتی نیەو تایبەتیە،

زۆربــوونی بەرهەم خۆشــگوزەرانی بەدیناهێنێــت و قەیــران درووســت دەکــات، لەبەرئەوەی ســەرمایەداری پەیــڕەوی لە ئــاژاوەی بەرهەمهێنــان دەکـات و هەڵــپەی زۆرکردنی بەرهەم وادەکات کە بەشێکی ساغ نەبێتەوەو دواتر بەناچاری بەرهەمهێنان کەمدەکرێتەوەو بێکاری زیاد دەکات و توانای کڕین کەمدەبێتەوە و بازاڕ سست دەبێت تا هاوسەنگی وەردەگرێتەوە. هەروەها **بەرهەمهێنان** کە پێشتر لەناو سروشتێکی بەریندا بــوو ســەرچاوەی پــاککردنەوەی ژیــنگە بــوو، ئەم سیســتەمە کــردی بە هۆکــار و سەرچاوەی پیسکردنی ژینگە، " **بێگاری**" کە لەسیستەمی پێشوودا ناوەناوە بە جوتیاران دەکرا، ئەم سیستەمە لەشێوەی " **زیادەکــاری رۆژانە**" کردی بەهەمیشەیی و سەپاندی بەسەر کرێکاراندا، کرێکاران بەشێک لە کاری ڕۆژانەیان بۆ ژیانی خۆیانە بەشەکەی تــری بەخــۆڕایی بــۆ خــاوەنی ئامرازەکــانی بەرهەمهێنــان کــار دەکەن و زێــدەبایی بەرهەمدێنن.

ئەم سیستەمە لەدەرەوەی ئەوروپــا بە زەبــروزەنــگ و داگیرکــاری و ستەمکاری و چەوساندنەوە پەلی هاویشت بۆ کیشوەرەکانی تر، داگیرکردن و دەستبەسەراگرتنی **ئەفەریقا لە ١٤٤١ بەدواوە** و **کیشوەری ئەمریکا و هندستان و زەریای هندی لەکۆتایی سەدەی ١٥** و بەکــۆیلەکردنی دانیشــتوانیان، بەهەنگــاوێکی گەورە پرۆســەی گەشــەکردنی ســەرمایەداری بردە پێشەوەو پێشکەوتنێکی ئابووری و بازرگانی گەورەی بەدیهێنا، ســەرمایەداری هێزی زۆری لە چەتەگەری و بازرگانی کۆیلەکان وەرگرت و بەمانە فرچکی گرت، بنەماڵەی پاشاکان و بازرگانان و سەرمایەدارانی تازە هەڵتۆقیو، هەروەها کڵێساکانیش تامەزرۆی ئەو هەموو قازانجە بوون کە بەهۆی کۆیلەکردنی مرۆڤەکانەوە بەدیدەهات و لەوپێناوەدا بەوپەڕی دڵڕەقییەوە دەیان ملیۆن مرۆڤ لە ئەمریکا و ئەفریقاو هندستان و شوێنەکانی تر لەناوبران و دەیان ملیۆنیشیان کران بە کۆیلەو بەهرەکێشی لەهێزی کاری خۆڕاییان دەکرا.

له کیشوەری تازە دۆزراوەی ئەمریکا، بە زۆرەملی و بە شێوەیەکی ستەمکارانە لە کانەکان و کێڵگە کشتوکاڵییەکان کاریان بە کۆیلە سورپێستەکان دەکردو بەوهۆیەوە هیندییە سوورەکان لەهەندێک ناوچە بەتەواوی لەناوچوون و بۆ جێگرتنەوەی ئەوان خواست چووە سەر هێزی کاری کۆیلەکانی ئەفەریقاو بەوهۆیەوە بازرگانی کۆیلە زیاتر برەوی سەندو لەرووی ئابوورییەوە پشتی پێ بەستراو بوو بە سەرچاوەی سامانێکی گەورە، کە سەرمایەدارانی ئەوروپا هەڵپەیان بۆ دەکردو کێبەرکێی نێوانیان لە کەناراوەکان وەکو دۆخی جەنگی دەنواند[2].

ئیمپراتۆری ئیسپانیا ١٧٠٢ تا ١٧١٤ گەورەترین فەرمانڕەوای جیهان بوو کە دەسەڵاتی هەبوو بەسەر هۆڵەندا، ئیتالیا، ئەمەریکا، ئەفەریقاو ئاسیادا. بەنرخترین شت لەو ئیمپراتۆرییەدا پەیماننامەی "assiento" بوو کە مافی تەواوی دەدا بە خاوەنەکەی بازرگانی کۆیلە بکات لە زەوییە داگیرکراوەکانی ئەمریکا، پاشا فلیپی پێنجەم پاش تاج لەسەرنان مافی assiento ی بەخشی بە لۆدڤیگی چواردەیەم لە ئینگلستان کە قۆرخکردنی هەناردەی کۆیلەی لە ئەفەریقاوە بۆ ئەمریکای بەخشی بە بنەماڵەی سەڵتەنەتی ئینگلستان. بە کەڵکوەرگرتن لەو رێککەوتننامەیە ئینگلستان لە ١٧٠٠ کاندا بووە گەورەترین هێزی ئیمریالیستی جیهان.

## سەرمایەداری و گەشەی پیشەسازی

لەگەڵ دەسپێکی سەدەی حەڤدەهەمدا، ئەو ناوچانەی سەرمایەدارانی ئەوروپی دەستیان بەسەرداگرتبوو لە کیشوەری تازە دۆزراوەی ئەمەریکا، گەشەی ئابووری گەورەی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بەرەنجامی ئەوەبوو کە بێ بەزەییانە کەڵکیان لە توانا و هێزی کاری ئەو کۆیلانە وەردەگرت کە لە ئەفەریقاوە برابوون و لە کانەکانی

زێڕو زیوو کێڵگەکانی شەکرو توتن و پەموو کاریان پێدەکردن و بەهۆی کاری قورس و درێژماوە و مامەڵەی خراپەوە ژمارەیەکی زۆریان دەمردن. بازرگانە ئەوروپییەکان بۆ بەدەستهێنانی کۆیلەی زیاتر لە ناکۆکی نێوان خێڵە جیاوازەکانی ئەفەریقا کەڵکیان وەردەگرت و بە مەبەستی دروستکردنی دۆخێکی جەنگی لایەنێکیان چەکدار دەکرد و دیلەکانیان لێ دەکڕینەوەو لەبەرامبەردا کالای مس و ئەسپ و قوماش و چەک و ئەلکحولیان دەدا بەخێڵە سەرکەوتووە ئەفریقیەکان، ملیۆنەها کەس وەک کۆیلە بە کالای ئەوروپی گۆڕدرانەوە و بران بۆ ئەمەریکاو لەوێ ناچاردەکران بە خۆڕایی کار بۆ خاوەنەکانیان بکەن. بەهێزی کاری ئەوان شەکر، توتن، لۆکە، ئاڵتون، زیو و بەردی بەنرخ بەرهەم دەهاتن و دەنێردرانەوە بۆ ئەوروپا کە بەشێکیان لەبەرهەمهێنانی کالای تری ئەوروپیدا بەکاردەهاتن و ئەو کالایانەش لە ئەفەریقا کۆیلەی تریان پێ دەکڕدراو دەنێردران بۆ ئەمریکا، ئەو سووڕە بازرگانیە پێیان دەگوت "**سێگۆشەی بازرگانی**" یاخود "**بازنەی بازرگانی**".

شۆڕشی پیشەسازی لە جەرگەی ئەمەدا سەری هەڵداو خاوەن کارگاکان و بازرگانان و خاوەن بانکەکان بوون بە خاوەنی سامانی زۆرو بە زەبری پارە چوونە ناو دەسەلاتی سیاسی و کورسی پەرلەمانیان دەکڕی تا بەگوێرەی توانای ئابوورییان پێگەی سیاسی پەیدا بکەن و لەوێوە کاریگەری زیاتر بخەنە سەر کۆمەڵگا، گەشەی پیشەسازی و بازرگانی، جگە لە چەوساندنەوەی کۆیلەکانی ئەفەریقاو ئەمریکا، هاوکات هەژاری و بێنەوایی بێوێنەی لە ئەوروپاش پێکهێنا، ژیان بۆ جەماوەری گەورەی کرێکاران کوێرەوەری راستەقینە بوو. کاری رۆژانە دەگەیشتە ١٦ کاتژمێر، هەقدەست زۆر کەم و هەلومەرجی کارکردنیش زۆر سەخت بوو. هەژاری لە شارە پیشەسازییەکانی ئەوروپا گەیشتبووە ئاستێکی مەترسیدار. تەنها دەوڵەمەندان کەڵکیان لە سامانی بەدەستهاتووی "سێگۆشەی بازرگانی" وەردەگرت، ژیانی کرێکارانی ئەوروپا جۆرێکی دیکە لە کۆیلایەتی بوو، کە سەرمایەداری بەرهەمی هێنابوو.

سەرەتا وەک ئامرازی کار تەماشای دانیشتوانی ئەفریقا دەکراو بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە بەرهەمهێناندا دەکران بە کۆیلە، بەڵام لەئاکامی پەرەسەندنی بازرگانی کۆیلەکان و بەهۆی گەشەی سەرمایەداریەوە، تێڕوانینی ئەوروپیەکان گۆڕاو بیری نەژادپەرستانە لە ناو سپی پێستەکان سەریهەڵداو بیرۆکەی ئەوە پەیدابوو کە خودا هی سپی پێستەکانە، قەشەو راهیبەکانیش ئەو جیاکاریە نەژادیەیان پیرۆزکرد، کاسۆلیکەکان دەیانوت لەبەر دواکەوتوویی بایۆلۆژی رەشپێستەکان ناتوانن وەک مرۆڤی راستەقینەی سپی پێست بن و پرۆتستانتەکان پێیانوابوو رەشپێستەکان رۆحیان نیەو لە راستیدا ئاژەڵن و لە مرۆڤ دەچن، مەسیحیە هۆڵەندیەکانی نیشتەجێی ئەفەریقا، کە پێیان دەوترا **بویرەکان** مافی یەخسیرکردنی خەڵکی ئەفەریقایان لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگرتبوو، دەیانوت هەموو بویرێک لەلایەن خواوە مافی ئەوەی پێبەخشراوە کۆیلەی هەبێت!.

بەگشتی کۆیلایەتی پارسەنگی هەموو پێشکەوتنەکانی سەرمایەداری بوو لەو سەردەمەداو بۆ هەمیشەش بوو بە شوناس و ئاوەڵناو بۆی، کۆیلەی خاوەندار، کۆیلەی کاری بەکرێ، کۆیلەی قەرز، کۆیلەی ئاین و نەتەوە و سنورەکان، کۆیلەتی رەگەزی و نەژادی، لە سەر شان و لەناو ئازاری ئەم کۆیلانەدا سەرمایەداری سەریهەڵداوە و ساغبۆتەوە و گەشەی کردووە و درێژەی بەخۆی داوە و هەتا بشمێنێتەوە کۆیلایەتیش لەگەڵ خۆی بەزیندوویی دەهێڵێتەوە.

## سەرمایەداری و سیاسەت

گەشەی سەرمایەداری، لەڕووی سیاسیشەوە دەسەڵاتی کەمینەی دروست کرد، لەپرۆسەیەکدا بۆرژوایی کۆنترۆڵی دەسەڵات و سیاسەتی کرد و دەسەڵاتێکی قوچەکی

دروستکرد و کارگێڕی و بەڕێوەبردن و بڕیاردان تیایدا بوو بە ماف و دەسەڵاتی کەمینەیەک، " **ئەوەی پێی دەوترێت خەڵک یان گەل**" لە بڕیاری سیاسی دوورخرایەوە و بەکردەوە مافی بەشداریکردن لە بڕیاردانی سیاسی لێ سەندرایەوە، ئازادیەکان و مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ لە ژێرسێبەری قازانجپەرستی سەرمایە دان و بەوهۆیەوە ستەمکاری بەربڵاوتر بوو، بەرگی " نەتەوەیی" و " نیشتمانی" بەبەر مرۆڤەکاندا کرا و لەچوارچیوەی وڵاتاندا بەزۆر کران بە هاووڵاتی، تەنانەت لەهەندێ وڵات و ناوچە بەزۆر خەڵکی ڕەوەند و کۆچەرییان نیشتەجێ کرد و رەگەزنامەی دیلێتییان خستەگیرفانیانەوە، مافی هاوڵاتیبوون و مافی رەگەزنامە، بواری ئەوەی دا بە دەسەڵاتدارانی هەروڵاتێک کە بەناوی پارێزگاری کردن و پاراستنی سنورەکانەوە هاوڵاتیانیان زیندانی بکەن و شوورا و تەلبەند بەدەوریاندا دروستبکەن و بڕیار لەسەر ژیان و مردن و ڕۆیشتن و مانەوە و هاتوچۆیان بدەن.

لەسایەی ئەم فۆرماسیۆنە سیاسییەدا وڵاتە جیاوازەکان کەوتنە بەرامبەر یەک و هەزاران جەنگ لەسەر سنوورەکان هەڵگیرسا، دەوڵەتە زلهێزەکان بەسەر دەوڵەتە بچوکەکاندا هەژمونیان کرد، بەهۆی پێکدادانی بەرژەوەندی جیاوازو شەڕ لەسەر دابەشکردنی جیهان و ناوچەی نفوز، ئاسایشی ژیان بەگشتی کەوتۆتە بەردەم هەڕەشەی جەنگە بەردەوامەکان. سەرمایەداری هەر لەسەرەتاوە بە جەنگ و وێرانکاری بەجیهاندا بڵاوبۆوە، جەنگ و ئیدارەی سیاسی سەرمایەداری دووانەی یەک سکن و تا هاتووە بنکەی جەنگەکانی لە جیهاندا فراوانتر کردۆتەوە، جەنگ لە ئەفریقا و ئەمریکاو هندستان و ڕۆژهەڵات و رۆژئاوا، جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی و جەنگی ساردو جەنگە ناوچەییەکان و لۆکاڵیەکان، جەنگی نەرم کە پشتی بە میدیاکان و ڕاگەیاندنەکان بەستووە، تیرۆر و ڕەشەکوژی و جەنگی دژی تیرۆر و ... تاد، کە لە زۆر شوێن کاولکاری و کۆمەڵکوژی وای بەدیهێنا کە مێژوو بەخۆیەوە نەدیبوو، ئەم سیستەمە ئامرازەکان و شێوازەکانی کوشتنی پێشخست و چەکی خێراو کۆکوژ و

ویرانکەری بەرهەمهێنا، هەموو گۆشە و کەناری دنیای کرد بە مەیدانی جەنگ و کۆمەڵگای خستە دۆخی جەنگی هەمیشەیی وهیچ شوێنێکی بەئارامی نەهێشتۆتەوە.

ئەگەرچی بەڕواڵەت و بە پاگەندە ئەم سیستەمە لەچاو کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی و کۆیلایەتی ئازادتر و دیموکراسی تر دەردەکەوێ، بەڵام لە واقیعدا لەگەڵ خۆی بێمافی زیاد کرد، ئاستی چەوساندنەوەی بردەسەر، بەشێوەیەکی نوێ کۆیلایەتی بوژاندەوە و بەربلاوتری کرد، بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە توانای بەرهەمهێنان و بەرهەمداری هێزی کاری بەرزکردەوەو بەمەش نەک خۆشگوزەرانی گشتی بەڵکو قازانجی سەرمایەی پەرەپێدا. گەشەی پیشەسازی کاری کشتوکاڵی و پیشەگەری خستە ژێر فشاری بەرهەمێنانی سەرمایەداری و بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینەکان و پیشەگەرەکان وازیان لەکاری خۆیان هێناو بوون بەکرێکارو ژمارەی کارگەران بەرادەیەک زیادیکرد کە بەشێک لەوان هەمیشە بەبێکاری بمێننەوەو ببنە هێزی کاری یەدەگ، ئەوکات سەرمایەرادی بە درووشمی " لێیگەڕێ با کاربکات لێیگەڕێ با تێپەڕێت" سوودی لەو دۆخە وەرگرت، ئەوە لە رواڵەتداو لەچاو ئەوەی کەپێشتر بەزۆرداری کاربەکۆیلەکان دەکرا، دروشمێکی ئازادیخواز و سەربەستیخواز بوو بەڵام لەناوەرۆکدا کوشندە بوو، دەرهاویشتن و گواستنەوەی ئەوانە بوو کەکاریان دەستناکەوێ بۆ شوێنێک و دۆخێکی خراپتر، لەبەرئەوەی بۆ کرێکاران کارکردن دڵخوازانەو ئارەزوومەندانە نیە، بەڵکو یان کارکردنە بەپێی خواست و مەرجەکانی سەرمایەداری یان بێکاربوون و رازیبوونە بە هەلومەرجێکی خراپتری ژیان و گوزەران. کوشندەیی ئەم دۆخەلەوەدا تۆختر دەبۆوە کە ئەوانەی بۆ ژیان پشتیان بەکرێکاری دەبەست بەردەوام لە زۆربووندا بوو.

کاری سەرەکی سیاسەت لەم سیستەمەدا رێکخستنی ناکۆکیەکان و راگرتنی بالانسە بەقازانجی چینی سەرمایەدار، رێکخستن و راگرتنی بالانسی سیستەمێک کە لەهەر

ڕوویەکەوە لێی بڕوانیت مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر جیهان و ناکۆکی جەوهەری و بنەڕەتی هەیە لەگەڵ کۆی ژیان، لەگەڵ ژینگە، لەگەڵ خۆشی و بەختەوەری گشتی، سیستەمێک کە نایەوێت و ناهێڵێت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پشوو بدا و ئارام بگرێ، سیستەمێک کە بەرهەمهێنان تیایدا تەنها لەپێناوی قازانج و کەڵەکەی سەرمایەدایە، تاک بووە بە بنەڕەت و هەموو کایەکان و مەسەلەکانی تر پاشکۆ و شوێنکەوتەی خواست و ویستی تایبەتی تاکی خاوەن سەرمایەن، کۆمەڵ بووە بە خزمەتکاری تاک و لە چوارچێوەی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی ئەودا گیرۆدە بووە.

لیبرالیزم و دیموکراسی پەرلەمانی و دەنگدان و هەڵبژاردن لەڕووی سیاسییەوە درەخشانترین رووی سەمایەدارییە، کە هیچ نیە جگە لە ناوێکی نەرمتر بۆ بەڕێوەبردنی ستەمکاری، ئەو بەمەبەستی فریودان و خۆڵکردنەچاو ئەو هەموو دیکتاتۆریەت و قۆرخکاری و بەربەریەتەی خۆی ناوناوە دیموکراسی و ئازادی تاک و ئازادی بۆچوون و رادەربڕین و مافی بەشداریکردن لەسیاسەت و دەسەڵات، بەپێچەوانەی ئێمە کە فراوانترین بەشداری خەڵک و قوڵترین دیموکراتی و ئازادیمان بە نارەوا ناوناوە **دیکتاتۆری پرۆلیتاریا**.

## سەرمایەداری و ئاین

سەرمایەداری سەرەتا وا هاتەپێشەوە کە پێویستی بە ئاین نیە و زۆرتر وەک سەرخانی سیاسی سیستەمی پێشوو لێی دەڕوانی و بەوهۆیەوە لەبەرامبەری وەستا، بەڵام زۆر زوو جادوو و تەلیسمی ئاینی بۆ دەرکەوت و زۆریش زوو کەوتە هەوڵی ڕامکردنی ئاینی مەسیحی و خستیە خزمەتی خۆیەوە، ئەگەرچی ئاینەکان **بەتایبەتی ئەوانەی پێیان دەوترێ ئیبراهیمی یان ئاسمانی** لەگەڵ سیستەمی چینایەتی پێشوو ببوونە بەروپشتی یەکتر، بەڵام ئاینی مەسیحی کە لەوکاتەدا لە ئەوروپا باڵادەست بوو، زۆر

زوو خۆیدا بەدەست سەرمایەداری و چینی نوێی بۆرژوازییەوە، بەجۆرێک کە خزمەتی گەورەی بە سەرکەوتنی سەرمایەداری کرد، هەر لەگەڵ یەکەم چوونی پورتوگال بۆ داگیرکردنی ئەفریقا، پاپای ڤاتیکان **یوجینیوسی چوارەم** فەتوای دا کە **هەر کەسێک لەو جەنگەدا بەشداری دەکات، بە تەواوی لە هەموو گوناهەکانی دەبەخشرێت.** کە لە ڕێگەی ئەو جەنگەوە، سەرمایەداری کۆرپەی نوێی ئەوروپا سەرپێ کەوت و دەستی کرد بە بازدان، ئەم فەتوایەی پاپا یوجینیوس، جێنشینەکانیشی پەیڕەوییان لێکردو پێش هەموو جەنگ و پەلامارێک لێبوردنیان بۆ تاوانکاران دەردەکرد.

لە سەردەمی پاپا نیکۆلاسی پێنجەمدا، فەتوای مافی چەوساندنەوەی ئەفەریقا درا بە بنەماڵەی پاشای پورتوگال، کە کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندی داهاتووی ئەوروپاو ئەفریقا دانا. نۆ ساڵ پاش یەکەم داگیرکردنی ئەفەریقا، پاپا **دوم دیڤێرسوس** مافی ئەوە بە پاشای پورتوگال دەدات پەلامار بدات، شوێن داگیر بکات، دەست بەسەر ماڵ و موڵکی دوژمنانی مەسیحییەتدا بگرێت و بیانکات بە کۆیلەی هەمیشەیی، ٣ ساڵ دوای ئەوە پاپا ڕۆمەنیوس فەتوای دا، بارکردن و گواستنەوەی دەریایی و بازرگانی و ماسیگرتن لە ئەفریقاو هەروەها دەستبەسەراگرتنی باشوری کاپی بۆجادۆر تا هندستان قۆرخی پورتوگال بێت. ساڵێکیش دواتر پاپا کالیستۆی سێهەم جارێکی دیکە هەمان قۆرخکاری دایەوە بە پاشای پورتوگال. کە لە ئەوروپای ئەوکاتدا فەتواکانی پاپا وەک ویستی خودا تەماشا دەکراو ئەوەش ڕۆڵی گێرا لەوەی راوی کۆیلە ببێت بە کاسبیەکی باش و بازرگانیەکی پڕ قازانج.

ئەم تێکەڵاوبوون و ئاوێزانبوونەی ئاینی مەسیحی و سەرمایەداری، دروست هەروەک ئەوەی مارکس و کۆمۆنیستەکان دەیڵێن " ئاینی وەک یەکێک لە چوار کۆڵەکە سەرەکیەکەی سیستەمی سەرمایەداری، لەپاڵ کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی و خێزان" ساغ کردەوە. ئەو سەرزەمینانەی داگیردەکران لەلایەن قەشەکانەوەبە پرژاندنی

ئاوی کڵێسا پیرۆز دەکران، کەلەراستیدا ئاوێک بوو سەرمایەداری پێی تێدەخشاندو خۆی تێدا جێنشین دەکرد.

ئاینی ئیسلام وەک ئاینی مەسیح بەئاسانی خۆی نەدا بەدەستەوە و بەرەنگاری کرد بەرامبەر بە بڵاوبوونەوەی ئەم سیستەمە بەتایبەتی لە رۆژهەڵات، ئامانج لەم بەرەنگارییە رزگار کردنی مرۆڤەکان لە سەرمایەداری و بەرگرتن لەستەم و چەوساندنەوەکانی نەبوو، بەڵکو بۆ دەستپێوەگرتنی سیستەمی کۆن بوو کە ئەم رووحی ئەو سیستەمە بوو وە لەگەڵ ئەو لەناویەکدا تواببوونەوە، رەنگە بەشێکی ئەو خۆبەدەستەوەنەدانە بۆ ئەوە بگەرێتەوە کە سەرمایەداری لەژێرکاریگەری ئاینی مەسیحیدا ستەمکاری توندی بەرامبەر ئاینەکانی تر کردو ئیسلامیش بەشێک لەم ستەمکارییەی بەرکەوت و ئەگەر بەرەنگاری نەکردایە زەربەی کوشندەی دەخواردو دەبوو بەژێر دەستوپێی خۆرئاواوەو بەجۆرێکیش دەبوو بە سەرکەوتنی ئاینی مەسیحی بەسەریدا، هەروەک لە ئەفەریقاو ئەمەریکاو هندستان روویدا.[3]

هەروەها ئیسلام رۆڵی گەورەی گێرابوو لە دروستکردنی فیودالیزم و بە سیستەمکردنی پیاوسالاری و خێڵگەرایی و ساغکردنەوەی کۆمەڵێک کەلتووری رۆژهەڵاتی کە لەگەڵ فۆرمەکانی پێشووی ستەمکاری و چەوساندنەوە دەگونجاو ناکۆکی هەبوو لەگەڵ سەرمایەداری رۆژئاوایی بەتایبەتی لەگەڵ لیبراڵیزم و تاکگەراییەکەی و لەگەڵ ئەوەی سەرمایە خەریکبوو لەسەر زەوی بەکردەوە دەبوو بە خودایەکی نوێ، بۆیە بەئاسانی نەچووە ژێر باری دنیای نوێی سەرمایەداری و بەجۆرێک پارێزگاری لە دنیای خۆی و لە رابردوو کرد کە ئیستیعمارو ئیمپریالیزم بەوهەموو درندەییەوە لەچاویدا پێشکەوتووخواز دەربکەوێ.

بەڵام سەرەنجام سەرمایەداری و ئیسلام سازشیان لەگەڵ یەک کردو هەردوولا خۆیان لەگەڵ یەکتر گونجاند، سەرباری هەندێک وردە ناکۆکی و بەریەککەوتن و

لێکهەڵبەزینەوەی ناوبەناو، ئێستا ئیتر سەرمایەدارییەکی پیتێنراو بە ئیسلام یان ئیسلامێکی موتوربەکراو بەسەرمایەداری، سەرزەمینە ئیسلام نشینەکان بەڕێوەدەبات و شەراکەتی جۆراوجۆریشیان لەگەڵ سەرمایەداری رۆژئاوا دروستکردووەو هەمان ریسا دەیگرێتەوە کە " ئاین ئامرازێکی کاراو کاریگەرە بەدەست سەرمایەدارییەوە بۆ رامکردنی مرۆڤەکان، دروست وەک ئەوەی ئەنگڵس دەڵێ: " ئاین شواخمان دەگرێت و سەرمایەداری دەماندۆشێت".

## سەرمایەداری و چینی کرێکار

هیراکیەت و پلەبەندی یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی سەرمایەداریە، کە لە رێکخستنێکی قوچەکیدا مرۆڤەکانی لەهەرسێ بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا پێ لەقاڵب داوەو هەوڵیداوە کۆمەڵگا لەسەر شێوەی خۆی درووست بکاتەوەو لەم چوارچێوەیەدا ئەم تایبەتمەندیەی خۆی بردە ناو چینی کرێکارو لە بواری کارکردنیشدا پلەبەندی دروستکرد.

بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی کاریگەری نارەزایەتی و شۆڕشگێڕی چینی کرێکار خۆی لەگەڵ گونجاند، بەناوی چاودێرو شێف و سەرکارگەرو بەرپرسی بەش و هۆبەکان، بەشێک لە کرێکارانی کردووە بە بەڕێوەبەری چەوساندنەوەی ئەوانی ترو موچەو هەقدەستی جیاواز لەیەکتریان پێدەدات و ئاستی چەوساندنەوەیان جیاوازی هەیە، تەنانەت لە رشتەو بوارە جیاوازەکانیشدا کرێ و هەقدەستی جیاواز دەدات و ئاستی بژێوییان جیاوازی هەیە، وەک کرێکارانی ناوخۆیی و بیانی، کاتی و هەمیشەیی، زۆر خزمەت و کەم خزمەت، وە هەندێ لەکرێکاران بەتایبەتی لە کۆمپانیاکانی پەیوەندی و کۆمپانیاکانی نەوت و گازو رێخراوەکان دەیانجار کرێ

زیاتر وەردەگرن، هەندێکیش مەمرەو مەژی، وە لەهەندێ شوێن و بواردا کرێکاران پشکیان هەیە لە سەرمایەگوزاریداو بوون بە شەریکی خاوەنکارەکان، ئەمانە وایانکردووە کرێکاران بەگشتی خاوەنی داخوازی و ئامانجی هاوبەش نەبن و لێکەوتی جیاوازیان هەبێت بەسیستەمەوە. سیستەم ئەوانی بەجۆرێک بردوتە ناوخۆیەوە کە پەیوەندییەکی راستەوانەیان لەگەڵی هەبێت و رەونەقی ئابووری و گەشەی سەرمایەداری بەقازانجی خۆیان ببینن و قەیران و تێکچوونی دۆخی سەرمایەداریش بیانترسێنێ. ترس لەوەی کارو دەستکەوتەکانیان لەدەست نەدەن و بە لەشکری ستەملێکراوانی بێکارەوە پەیوەست نەبن، کرێکارانی تارادەیەکی زۆر خۆپارێز کردووە، بەتایبەتی لە خەباتی سیاسی و دەستبردن بۆ دەسەلات.

بەتایبەتی لەماوەی ١٥٠ ساڵی رابردوودا کۆمەڵێک چاکسازی لەژێرکاریگەری شۆڕشە کۆمۆنیستیەکان و خەبات و بەرەنگاری کرێکاراندا کراوەو سەرمایەداری کۆمەڵێک ریکەوتن و سازانی لەگەڵ کرێکاران کردووە، وەکچۆن پاشاکان کاتی خۆی لەگەڵ بۆرژواکان و بازرگانەکان لەپێناوی پارەدا رێککەوتن و کۆمەڵێک ئیمتیازی سیاسی و ئابوورییان پێدان و دواتریش بەشێک لە پاشاو بەگ و میرەکان خۆیان بوون بە بەشێک لە چینی بۆرژوازی و بوون بەسەرمایەدار.

بەڵام ئەو رێککەوتنەو ئیمتیازدان بە بەشێک لە کرێکاران، چەوسانەوەو ستەمکاری کۆتایی پێ نەهێناوە، بەتایبەتی لەناو بێکاراندا دۆخێکی ئەوەندە نالەبارو نەخوازراوی بۆ ژیانکردن پێکهێناوە کە خۆزگە بە کرێکاری لەسەر کار بخوازن و هەڵپە بکەن بۆ ئەوەی ببن بەکرێکار، ببن بە کۆیلەی کاری بەکرێ، لەبەرئەوەی دۆخی کرێکاری چەوساوە هێشتا لەدۆخی بێکاران زۆر باشترە، بەوهۆیەوە و لەترسی ئەم چارەنووسەکرێکاران ساڵانێکی درێژە سەرەکی ترین هەوڵ و خەباتیان بۆ پاراستنی کارەکەیان و کرێ و هەقدەستەکانیانە (کە لەکوردستان و عێراق ئەمەش لاوازە)، واتەئەوەی لەئارادایە خەباتێکی ئابووریە بۆ پاراستن یان باشتربوونی هەلومەرجی ژیان، نەک خەباتی سیاسی بۆ رێکخستنی شۆڕش و لەناوبردنی سیستەمی

سەرمایەداری، شۆڕش و سەرهەڵدانی سیاسی لە ئەجیندای کرێکاراندا کەمڕەنگتر بۆتەوە لەچاو ریفۆرم، رەنگە جێگای تێڕامان و سەرنج بێت کە کرێکاران سەندیکاکان دروستدەکەن بەڵام حیزبە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان دروست ناکەن و لەباشترین حاڵەتدا تاک تاک پێیانەوە پەیوەست دەبن. دیسانەوە جێگای سەرنج و تێڕامانە کە هەموو ئەو جوڵانەوانەی لەم ساڵانەدا رژاونەتە سەر شەقامەکان و دروشمی رووخانی رژێمەکانیان بەرزکردۆتەوە، کرێکاران رۆڵی ئەوتۆیان تێدا نەگێڕاوەو زۆرجاریش خۆپارێزییان کردووە.

هەڵبەت ریفۆرم و باشکردنی هەلومەرجی کارو ژیانی کرێکاران، لانیکەم بۆ خودی خۆیان و خانەوادەکانیان، مەسەلەیەکی گرنگە، بەڵام ئەمە هەرچەندە بەرزبکرێتەوە نەک هەر ناگات بە تێپەڕکردنی سەرمایەداری بەڵکو وەک مانفێست باسی دەکات بەتەواوی کاتیە و لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی "**کاڵای هێزی کار**" نرخی کاڵاکانی تریش لەبازاڕدا گران دەبن و ئاستی ژیانی کرێکاران و رادەی چەوساندنەوە هاوسەنگی خۆیان وەردەگرنەوە، کە ئەوە ژیانی بێکاران و هەژاران و زەحمەتکێشان سەختتر دەکات، لەبەرئەوەی ئاستی بژێوی گشتی بەرزتر دەکاتەوە.

سەرەتای هاتنی سەرمایەداری بە بەردەوامی ژمارەی کرێکاران زیادی دەکرد، گەشەی پیشەسازی و پێویستی بەهێزی کاری زیاتر و کۆچی بەلێشاوی گوندنیشینەکان بۆ شارەکان و پەیوەستبوونی خاوەندارانی بچوک و پیشەگەرەکان بە لەشکری کرێکاران، چینی کرێکاری کرد بەزۆرینەی کۆمەڵگا، جەمسەرگیری کۆمەڵایەتی و چینایەتی فراوانتر کردەوە و بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەشی لە نێوان زۆرینەی کۆمەڵگادا پێکهێنا و چینێکی شۆڕشگێڕی دروستکرد کە مانفێستی کۆمۆنیست بەدروستی ناوی نا " **گۆڕهەڵکەنی سەرمایەداری**". لەو سەردەمەدا و لەجەرگەی کۆمەڵگا پیشەسازیەکاندا بەرهەمهێنان لەکارگا و کارخانەکان چەقی ئابووریی کۆمەڵگا بوو هەر لەبەر ئەوەش بەرهەمهێنەران "**کرێکاران**" چەقی گۆڕانگاری

سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام ئێستا لە هیچ شوێنێکی جیهان بەوشێوەیە نەماوەتەوە و بەتایبەتی لە عێراق و کوردستان نەوت و گاز چەقی ئابووریە و کێشەی سەرەکی لەسەر دابەشکردنی سەروەت و سامانە نەک لەسەر بەرهەمهێنانی بەرهەمی کۆمەڵایەتی.

ئەگەرچی حەقانیەتی کۆمۆنیزم و شۆڕشگێڕیتی چینی کرێکاران لە زۆرینەوە نەهاتووە و لەوەوە هاتووە کە بەرهەمی دەستی ئەو چەقی ئابووری کۆمەڵگا بوو، بەڵام زۆرینەبوونی کرێکاران لە کۆمەڵگادا لەپاڵ رۆڵی سەرەکی ئەو لەبەرهەمهێناندا، ئەوەی بەرجەستەکرد کە ئەو چینە پۆتانشیۆڵی سەرەکی شۆڕشی سۆشیالیستی و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەبێت، بەڵام سەرمایەداری هەمیشە بەشێک لەتواناکانی خۆی لەوپێناوەدا خستۆتەگەڕ کە جگە لە رێککەوتن و شەریککردنی بەشێک لەکرێکاران وەک لە پێشەوە باسکرا لەو دوو بوارەی سەرەوەدا ژێرپێی کرێکاران خاڵی بکات، لەلایەکەوە لەرێگای کەمکردنەوەی ژمارەی کرێکارانی لەسەرکار بەهۆی پێشخستنی تەکنەلۆژیا و بەئەلەکترۆنی کردنی کاری بەرهەمهینان و گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی دراوەکان و هەژماری بانکی و... تاد، لەلایەکی تریشەوە چەقی ئابووری بەو شێوە کلاسیکیەی جاران نەماوەتەوە و ئابووریی سەرمایەداری ئێستا ئابووریی پیشەسازی تێپەڕکردووە و پشتی بەوە نەبەستووە بەرهەمبێنێ و بیفرۆشی و قازانج بکات، سودی بانکەکان و یاری تۆپی پێ و فیلمەکان و .. تاد، لە بواری بەرهەمهێنانی کاڵاکانی دەستی کرێکار پڕ قازانجترن، بۆیە ئیتر چینی کرێکار بەتەنها گۆڕهەڵکەنی سەرمایەداری نیەو لەناو ستەملێکراواندا هاوخەبات و هاوچارەنووسی زۆری بۆ پەیدا بووە. بەوهۆیەوە ماوەیەکی درێژە باسی ڕۆڵی ڕابەری چینی کرێکار لەلایەن حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە تەنها رواڵەتی و فۆرماڵیە و بەکردەوە کرێکاران هیچکات ئەو رۆڵە لە خۆیان نیشان نادەن.

بەڵام ئێمە "**کرێکارگەرایی**" وا گیرۆدەی کردووین کە هێزی سەرەکی بۆ لێدان لە سیستەم لەدەرەوەی چینی کرێکار نەبینین و پانتایی کاری سیاسی تەنها بۆ کرێکاران بەرتەسک بکەینەوە، کە ئەویش لەدۆخێکی زۆر لاوازدایە، هەر ئەوەش بەبڕوای من یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی گەشە نەکردن و پەراوێز بوونمانە کە پشتمان بە بزووتنەوەیەکی لاواز بەستووە، ئەڵقەی بنەڕەتی خەباتی کۆمۆنیستی دژایەتی کردن و لێدانی سیستەمە، ئەم کارە بەوانە دەکرێت کە یەکەم: خۆیان لەناو جووڵانەوەیەکی سیاسیدابن بۆ لێدانی سیستەم و دووەم سیستەم بەجۆرێک فڕێیدابنە دەرەوە هیچ بەرژەوەندییەکیان لە بەرەوپێشچوون و مانەوەیدا نەبێت، بەوپێیە حیزب و کۆمەڵە کۆمۆنیستیەکان ئەگەر بەگشتی دژی سەرمایەداری بن، نابێت تەنها حیزبی چینی کرێکار بن.

سۆشیالیزم رزگارکردنی چینێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو رزگارکردنی کۆمەڵگایە لەچەوسانەوەو ستەمکاری و دامەزراندنی سیستەمێکی ناچینایەتی ئازادو بێ چەوساندنەوەی جێگرەوەی سیستەمی چینایەتی سەرمایەدارییە، لەسەردەمی مارکسدا بەهۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندی، کرێکاران پۆتانشیۆڵی سەرەکی ئەو ئاڵوگۆڕە بوون، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕەوە، پۆتانشیۆڵی شۆڕش فراوانتر بۆتەوە.

"چینی کرێکار" ئێستا ئیتر ناتوانێ پێناسە و وەسفێکی گونجاو بێت بۆ ئەو ژمارە زۆرەی سەرمایەداری ستەمیان لێدەکات و دەیان چەوسێنێتەوە و ریزی ئەوانەی سەرمایەداری ئەیانهاڕێت زۆر فراوانترە لە چینی کرێکار هەر بە تەنها کرێکارانیش هەست بە ترس و نامۆیی و دڵەراوکێ ناکەن و بەتەنها ئەوانیش خوازیاری رزگاربوون و ئاڵوگۆڕ نین لەسەرمایەداریدا، بۆیە لەشۆڕشیشدا بەتەنها نین. بێکاران، ژنان، لاوان، فەرمانبەران، هەژاران، جوتیارانی نیوەکار، بێ خانەولانەکان، ئاوارەکان، زیندانەکان، منداڵانی بێ سەرپەرشت، دەستفرۆشان، کرێچیەکان، کۆڵبەران، خانەنشینان، کەمایەتیە ستەملێکراوەکان، هەموو ئەوانە لەژێر پەستانی ستەمکارییەکانی سەرمایەداری دان و بەرژەوەندییان لە نەمانیدا هەیە و هەندێکیان لە

کرێکاران زیاترماندوو دەبن و لەوانیش ماوەی کارکردنی رۆژانەیان درێژترە و هەلومەرجی کارکردنیان سەختترە و هیچ دەستەبەرێکی کۆمەڵایەتییان نیەو هیچ یاساکارێکیش نایانگرێتەوە و داهات و دەسکەوتیشیان لەکرێکاران کەمترە و ژیانێکی لە کرێکاران سەختتر دەژین، هەروەها مەترسی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ، مەترسی پیسبوونی ژینگە، مەترسی ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی چاوچنۆکی سەرمایەداری توشی مرۆڤ بوون و دەبن، مەترسیەکانی ئەو جەنگانەی بەرێوەن بۆ لەناوبردنی بە کۆمەڵی مرۆڤەکان و ئاوارەبوون و زیادبوونی بەردەوامی رێژەی هەژاری، لە مەترسیەکانی چەوساندنەوەی چینایەتی کەمتر نین. بۆیە دەکرێت و دەبێت لەناو هەموو ئەوانەداو هەروەها لەناو هونەرمەندان و ئەدیبانی شۆڕشگێڕو بزووتنەوەی دژی شەڕو ژینگەپارێزانیشدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بەرەنگاری و پۆتاشیۆڵی دنیای نوێی سۆشیالیستی هەڵخرێ و سەرپێ کەوێ.

سۆشیالیزم و تێپەڕکردنی کۆمەڵگای چینایەتی و جێگرتنەوەی بە سیستەمی کۆمۆنەیی و هاوبەشی " **ئامانج** "ـە، بەرنامە و پرۆژەی سیاسی دروست، بەرەو ئامانجی دیاریکراو، ڕەنگدانەوەی ڕۆژگاری خۆیان و گرێدراون بە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیانەوە، ئەمە بەشێکی گرنگە لە زیندویێتی مارکسیزم و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر نمونەیەکی زیندووە لەو بارەیەوە، کە لەسەر بنەمای تایبەتمەندی کات و شوێن هەڵگیرسا نەک بەپێی دەقە نوسراوەکانی ناو کتێبەکان و حوکمە پێشوەختەکان، بۆ ئێمەش باسکردن لە پۆتانشیۆڵی شۆڕش بەپێی فاکتەری زاتی و هەلومەرجی بابەتی، حەرام و بدعە نیە، نەک هەر لادان نیە لە ڕێڕەوی سەرەکی کۆمۆنیزم بەڵکو ڕاستبینی و بینینەوەی ڕێگایەکی درووستە بۆ ئەوکارە، ئەوەدەبێت لەهەموو شوێنێک لەبەرچاو بگیرێ بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تایبەتی، باسی شۆڕش و بکەرەکانی بهێنرێتە ئاراوە.

## سۆشیالیزم وەک جێگرەوەی سەرمایەداری

سۆشیالیزم درێژکراوەی سەرمایەداری نیە، سەرمایەداری هەرچەند پێش بکەوێت ناگات بە سۆشیالیزم، تەنانەت هەرچەندە چاکسازی و ئالوگۆڕی تێدا بکرێت و هەرچەندە دیموکراسی و سکولاریزمی تێدا بەهێزبکرێت، هێشتا جیاوازی چینایەتی و پلەبەندی چینایەتی کۆتایی نایەت، هەروەها سۆشیالیزم بەمانای گەشەکردنی ئابووری و خۆشکردنی ژیان نیە، تەنانەت بەمانای رزگارکردنی چینێکیش نیە لە چەوساندنەوە، بەڵکو بەمانای لەناوبردنی چەوساندنەوەو ستەمکاری و نابەرابەری و هەڵاواردنە لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەمانای ئازادکردنی کۆمەڵگایە لە سیستەمی چینایەتی، سەرمایەداری و سۆشیالیزم دوو سیستەمی لەبنەڕەتەوە جیاوازن، سەرەتاو پرەنسیپی جیاوازیان هەیە، دوو شێوەژیانی بەتەواوی دژ بە یەکن و پشتیان بە بنەمای جیاواز بەستووە.

هەڵوەشاندنەوەی کاری بەکرێ مەسەلەیەکی جەوهەری و بنەڕەتیە هەم لە تێپەڕکردنی سەرمایەداری و هەم لەدەستپێکردنی سۆشیالیزمدا، هەتا کرێکار مابێ سەرمایەداری کۆتایی پێ نایەت، هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێ بەدیوەکەی تردا نەمانی کرێکارە، واتە لەتێپەڕکردنی سەرمایەداریدا کرێکاریش تێپەڕدەکرێت و کرێکارو ناکرێکار نامێنێ، کەوایە دەسەڵاتی کرێکاری؟ حکومەتی کرێکاری؟ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا؟ کە لە هەموو ئەزموونەکانی رابردوودا راستەوخۆ گۆڕاون بۆ دەسەڵات و حکومەت و دیکتاتۆرییەتی حیزب و بەڕواڵەت بەناوی چینی کرێکارو بەکردەوە خەڵکانی دەستڕۆیشتووی ناو حیزب بەڕێوەیان بردووە، سۆشیالیزم دانامەزرێنن، ئەمانە بەرهەمی ئەوەن کە لە رابردوودا سۆشیالیزم تەنها لە دەسەڵاتی سیاسیدا کورتکراوەتەوە.

بەرنامە و ستراتیژ و پلاتفۆرمی پارتە چەپ و سۆشیالیستەکان ئەگەرچی بەگشتی هەوڵیکن لە چوارچیوەی پەیداکردنی ئەڵتەرناتیڤێک بۆ سەرمایەداری، بەڵام زۆربەیان گۆڕینی شێوە ژیانی سۆشیاڵیستیان هەواڵەی داهاتوو کردووە و گرێیدەدەنەوە بە وەرگرتنی دەسەلاتی سیاسی و دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی و تا ئەوکاتەش بەناوی ریفۆرمەوە خۆیان لەگەڵ سیستەمی باو دەگونجێنن و لە رێگەی دەوڵەت و بونیادە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی سەرمایەداریەوە، هەوڵی چاکسازی دەدەن، هەندێکیش سۆشیاڵیزم بە چەپاندنی سەرمایەداری دەرخواردی خەڵک دەدەن و هەندێکجار کەرتی گشتی یەکسان کراوە بە سۆشیاڵیزم یان رێگایەک بۆ گەیشتن بەسۆشیاڵیزم، کە خۆی جۆرێک لە سەرمایەدارییە "**سەرمایەداری دەوڵەتی**"، بەڵام مێژوو نیشانی داین کە ئەم ڕێگایانە ناچن بۆ کۆمەڵگای نوێی سۆشیاڵیستی و هەر لە کۆمەڵگای چینایەتیدا دەمێننەوە.

سۆشیاڵیزم بابەتی دوای شۆڕش نیە بەڵکو بابەتی ژیانە، دەکرێت پێش ڕوودانی شۆڕشیش شێوەژیانی سۆشیاڵیستی لەهەر شوێنێک پایەکانی خۆی دابکوتێ و هەندێک جار شۆڕشەکان تەنها ڕۆڵی یەکلاکردنەوە دەبینن و دەبن بە **طلقة رحمة** تەڵقەی رەحمە* سەرمایەداری سەدان ساڵی خایاند تا بەتەواویی سەرکەوت، شێوەژیانی سەرمایەداری بەچەندین شێوە لەناو سیستەمی پێش خۆیدا خۆی دەرخست و سەرەنجام لەهەندێ شوێن بەشۆڕشەکان و لە هەندێک شوێن بەشێوازی تر کۆتایی بە سیستەمەکە هێنا، ئەمە بۆ سۆشیاڵیزمیش هەر ڕاستە، سۆشیاڵیزم پرۆسەیەکی بەردەوامە، سۆشیاڵیزم ئەگەر فۆرمێک بێت بۆ ژیان ئەوکات شۆڕش تاکەڕێگای دامەزراندنی نابێت و لەدەرەوەی شۆڕشیش دەکرێت و دەتوانرێت بەدی بێت و لەلایەن تاکەکان و گروپەکان و کۆمەڵەمرۆییەکان و رێکخراو و پارتە

---

* طلقة رحمة **A mercy shot**

کۆمۆنیستەکانەوە پایەکانی دابکوتێ، لەبنەڕەتدا ئەگەر ئەم شێوەژیانەنوێیە لە کۆمەڵگادا ماتەی نەدابێ، ئەستەمە شۆڕشەکان سەرهەلبدەن یان سەربکەون.

لێرەوە تێزی سۆشیالیزم لە یەک وڵات یان لەسەر ئاستی جیهان، گرنگی لەدەست دەدات، ئەو دنیایەی ئێمە باسی دەکەین و دەمانەوێت بیکەین بە ڕووداو، دەبێت بەر لە شۆڕشەکان نمونەی هەبێت، ئەمە قیامەت نیە کە هیچ کەس هیچی لێ نازانێت و تەنها بە خەیاڵ وێنای بەهەشت، دۆزەخ و لێپێچینەوەی خودا دەکەن، ئێمە باسی دنیایەکی واقیعی دەکەین. ئەوە بەمانای کاڵکردنەوەی شۆڕش و ئەنتەرناسیونالیزم نیە، ئەوانە مەسەلەی گرنگ و پێویستن. بەڵام ڕاگرتنی سۆشیالیزم شێوەژیانی ناچینایەتی لەسەر ئەوەی شۆڕش لەئاستی جیهانی ڕووبدات، خۆی دواخستنی ئەو ژیانەیە بۆ هەمیشە.

حیزب و کۆمەڵە کۆمۆنیستیەکان بەر لە هەرشتێک دەبێت خۆیان کۆمەڵگایەکی هاوبەش و بێ چین و بێ پلەبەندی چینایەتی بن و دەچنە هەر ناوەندێکەوە دەبێت لەدوای خۆیان سۆشیالیزم و ژیانی هاوبەشی و وەکیەکی جێبخەن، کاردابەشکردنی ناوخۆیی نابێت پلەبەندی چینایەتی دروست بکات، حیزب و کۆمەڵە کۆمۆنیستیە بەرەنگارەکان لەگەڵ ئەوەی ئامراز و چوارچێوەی ڕێکخستنی بەرەنگارین هاوکات قەوارەیەکیشن بۆ ژیانکردنێکی کۆمۆنەیی نوێ. بەمجۆرە نەبێت ناتوانرێت ئامرازی شۆڕش بن. دەتوانرێت ئامرازی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی بن بەڵام ئامرازی گۆڕینی سیستەم نا.

## سۆشیالیزم و دەوڵەتداری

دەوڵەتداری کە یەکێک لە داهێنانەکانی کۆمەڵگای چینایەتیە، خۆی درێژکردۆتەوە بۆ ناو بەرنامە و ستراتیژی حیزبە کۆمۆنیستەکانیش، تەنانەت حیزبەکان لەسەرشێوەی

دەوڵەت دامەزراون و بەجۆرێک رێکخراون کە دوای شۆڕش جێگای دەوڵەت بگرنەوە، بەر لە شۆڕش دەوڵەت سەرچاوەی ئەوەڵو ئەخیری کێشەکان و کەموکوڕیەکانە و لەبەرامبەریشدا کلیلی چارەسەری هەموویەتی، هەموو ناتەواوییەک دراوەتە پاڵ دەوڵەت و هەموو چارەسەرێکیش دراوەتەوە دەست دەوڵەت، هەر لە چاکسازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە تا دەگات بە بورانەوەی کەسێکی سەرجادە و بێ نان مانەوەی هەژارێک و .. هەمووی گرێدراوە بە دەوڵەتەوە و کۆمەڵگا بێ وەزیفە بینراوە لەبەرامبەریاندا، تەنانەت بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و کەمایەتیەکان نەخشەی دەوڵەتی سەربەخۆ دێتە ئاراوە، کاتێکیش دەوڵەت ئەمانەی نەکردووە ئەوکارانە حەواڵەی دەوڵەتی سۆشیالیستی داهاتوو کراوە، کە لە هەردوو کاتەکەدا دەوڵەت چەقی سیاسەتە نەک خەڵک.

ئەم بەبنەڕەت وەرگرتنەی دەوڵەت، ئەگەرچی لەڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت کە بۆ گوشاردانانە لە ترۆپکی دەسەڵاتی بۆرژوازییەوە، بەڵام بەکردەوە دەوڵەتی بۆرژوازی بەهێزتر کردووە و بەدیلی سۆشیالیستی داوەتە دواوە، یەکێک لە دەرکەوتەکانی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم لاوازکردنی رۆڵی دەوڵەت و بەهیزکردنی رۆڵی خەڵک "**گەل**" و هەرەوەزکاریی و کاری کۆمەڵی و هاریکارییە، دەبێت دەستی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگادا کورت بکرێتەوە نەک بۆ هەموو شتێک پەنا بۆ دەوڵەت ببرێ، دەبێ پشت بە جوڵانەوەکانی ناو کۆمەڵگا و کردەوەی خەڵک ببەسترێ و کەمترین چاوەڕوانی لە دەوڵەتی بۆرژوازی هەبێ، ڕۆڵی سەرەکی دەوڵەتی بۆرژوازی رێکخستن و پاراستنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی سەرمایەدارییە، ئێمە ئەبێت دژی ئەمە بین و هیچکات و بۆ هیچ مەبەستێک نابێت دەوڵەتگەرا بین. سۆشیالیزم دەبێت بەئاقاری هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتداری هەنگاو بنێ بەرەو خۆبەڕێوەبەری و دەسەڵاتی خەڵک.

خۆبەڕێوەبەری فۆرمی گونجاوی بەڕێوەبردنی سیاسی سۆشیالیستیە، لەبەرامبەر هەژاری و نەداری و بێ خانەولانەیی و بێکاری و ... تاد. دەبێت دەست بۆ هاریکاری

و هاوکاری خەڵک ببرێت و جێخستنی بەدیلی کۆمۆنیستی لەسەر دەوڵەتی ئایندە ڕانەگیرێت و بۆ تێپەڕکردنی سەرمایەداری پێویستە کارەکان و تەنانەت خودی سیاسەتیش هەنگاو بەهەنگاو لەدەستی بژاردەی سیاسی بۆرژوازی دەربهێنرین و بدرێنەوە دەست خەڵک و کۆمەڵگا.

سۆشیالیزم شێوەیەکە لە ژیان و هەرئێستا قابیلی جێبەجێبوونە، مەسەلەیەک نیە دوا بخرێ بۆ دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتی داهاتوو. سەرمایەداری خۆی وا سەرکەوت، هێشتا پاشا، دەرەبەگ و میرەکان لە ئەورووپا لەسەر کار بوون کە وردەوردە لەلایەن بازرگانەکان و سەرمایەدارەکانەوە ژێر پێیان خاڵی کراو بەکردەوە ئەوان کۆمەڵگایان بەڕێوەدەبرد، تادەهات رۆڵی دەوڵەت و دەسەڵاتی پاشا و میرەکان فۆرماڵی تر دەبوو، ئەمە بۆ کرێکاران و ستەملێکراوان و سۆشیالیستەکان و کۆمۆنارەکانیش راستە، دەبێت دەوڵەتی سەرمایەداری بنکۆڵ بکرێت و ژێرپێی خاڵی بکرێت و هەوڵی رێکخستنەوەی کۆمەڵگا لەدەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بدرێت، دەکرێت لەهەنگاوەکانی سەرەتادا، لەهەرکوێ ئیمکانی هەیە، دراوسێ و هاومـاڵی سەرمایەداری دروست بکرێت، ئەمە بەمانای لەکۆڵکردنەوەی ئەرکی دەوڵەت و سووککردنی باری سەرشانی دەوڵەت نیە کە بۆرژوازی بەبەردەوامی لەرێگای رێکخراوە خێرخوازەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە هەوڵی بۆ دەدات، بەڵکو بەمانای دوورخستنەوەی دەستی دەوڵەتە لە رێکخستنی ژیانی خەڵک و کۆمەڵگا.

هەوڵی بەچەپکردنی سەرمایەداری و دادپەروەر کردنی دەوڵەتەکەی و دابەشکردنێکی داردپەروەرانەی تر و زیادکردنی ماف و ئازادیەکان و کورتکردنەوەی دەستی ئاین و بنەماڵەکان و دامەزراوە سەربازییەکان، پاککردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە گزی و ساختەکاری، واتە سەرمایەدارییەکی چەپگەرا و پێشکەوتنخواز، پاک و

گەلپەرست نابێت بە سۆشیالیزم. سۆشیالیزم قۆناغی بالاتری سەرمایەداری نیە و بە گەشەی سەرمایەداریدا تێپەڕنابێت، هەتا سەرمایەداری زیاتر پێشبکەوێت نادادپەروەریی و جیاوازی چینایەتی قولتر دەبنەوە و مەترسیەکان لەسەر ژیان و ژینگە زۆرتر دەبن و بەبەردەوامی سەرمایەداری بژاردەی خراپتر دەخاتە بەردەم کۆمەلگا.

**دەرچوون لە سیستەمی چینایەتی، لەسەر ئاستی تاک و گرووپیش دەکرێت و نمونەی وا لە مێژوودا زۆرە کە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەم سیستەمە بڕیوە و ژیانێکی تایبەتی دوور لە جیاوازی و پلەبەندییان پێکهێناوە، خۆبەخشی و ڕاستگۆیی و سادەیی و لێبوردەیی و خێری گشتییان کردووە بە رۆحی خۆیان و بەشێک لە بونیاد و ئاکار و هزر و کرداریان. ئەمە فۆرمەکانی بەرەنگاری**

بەدرێژایی تەمەنی هەموو کۆمەلگای چینایەتی هەمیشە شێوەیەک لە بەرەنگاری لە ئارادا بووە، لەم ڕاستایەدا سەرمایەداری هەر لەسەرەتای سەرهەلدانیەوە رووبەڕووی ڕەتکردنەوەی توند بۆتەوە، هەم لەناو کرێکارانی ئەورووپا کە ژینگە و لانکەی سەرهەلدان و گەشەکردنی سەرمایەدارییە و هەم لەو کیشوەرانەی بۆ دابینکردنی هێزی کاری خۆڕایی و کەرەسەی خاو و مادە گرانبەهاکان داگیریان کردووە، بەتایبەتی لەئەفەریقا و ئەمریکای باشوور و ڕۆژهەلات، بەرگری و بەرەنگارییەکی هەمەلایەنە و سەرومالی هەبووە، لەجەرگەی ئەو رووبەڕووبوونەوانە و نەبەردییەکانیدا دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە چ بەهۆی کوشتارو چ بەهۆی کاری قورسەوە لەهەندێ شوێن بەتەواوی لەناوبراون و بۆ سەرکوتی بەرەنگاری ئەوان سەرمایەداری شارستانیەتەکەشیانی بەسەریەکدا رووخاندووە، کەبەشێک لەو شارستانیەتە شێوەژیانی بەرایی و کۆمۆنەیی بووە.

ئەو بەرەنگاری و ڕەتکردنەوەیە لە هەندێ برگەدا ئەوەندە بەهێز بووە کە گەیشتۆتە ئاستی شۆڕش و لەو مێژووەدا چەندین هەوڵ هەیە بۆ دامەزراندنی شارستانیەتێکی

ناچینایەتی هەیە بۆ دامەزراندنی شارستانیە. لەو ڕووەوە ئەگەر کۆمەڵگای مرۆیی لەسەر ئاستی جیهان باجی قورسی چاوچنۆکی و شەڕەنگێزی و قازانجپەرستی و بەربەرییەتی سەرمایەداری و بۆرژوازی ئەورووپای داوە، ئەوا بێشک کرێکاران و بەشمەینەتان و ستەملێکراوانی جیهانیش قەرزارباری خەبات و شۆڕش و بەرخۆدانی کرێکاران و کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکانی ئەوروپان، کە لەهەندێ برگەو بواردا نینۆکی سەرمایەدارییان قرتاندووە و ناچار بە هەمووارکردنیان کردووە، بەجۆرێک کە تا ئێستاش لەهەموو گۆشەوکەناری جیهانەوە خەڵک لەدەست سەرمایەداران و دەسەڵاتی بۆژوازی خۆجێیی بۆ سەرزەمینی ئەوان ڕادەکات و داوای پەنابەری دەکات.

بەرەنگاری هێزی گۆڕینە، ماتەوزەی شۆڕشە، موقاوەمەتە لەبەرامبەر ستەم، یاخی بوونە لە چەوسانەوە، ڕەتکردنەوەی سیستەم و دەرچوونە لێی، خەوبینینە بە دادپەروەریی و ئازادییەوە، بەرگری لەخۆکردن و خەبات و تێکۆشانە، لە هەموو سەردەمەکاندا هەوێنی ئاڵوگۆڕەکان بووە و ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداری بگۆڕین و لەدوای خۆمانەوە جێی بێڵین و کۆمەڵگای کۆمۆنیستی نوێ دەستپێبکەین، پێویستە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری بەرەنگاری سەر ڕێ بخرێت، بەرەنگاری روحی کۆمۆنیزمە، بۆیە پێویستە بەرەنگاری بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە فۆرمی گونجاوی خۆیاندا ڕێکبخرێن و ئاراستەی خۆیان وەرگرن، بۆ نمونە:

کرێکارانی بەرەنگار، کە بەهرەکێشی لەهێزی کاریان دەکرێت و دەچەوسێنەوەو بۆ ئەوەی کاربکەن دەبێت بەشێک لەکاری خۆڕایی پێشکەش بە خاوەنکار بکەن، ئەم

بەشــە لەکـۆمەڵ تەنهـا وەک ئـامرازی کـار تەماشـا دەکـرێن و بەتـایبەتی لەعێـراق و کوردستان لەدەستورو یاسادا دان بەبوونیشیاندا نەنراوە.

ژنانی بەرەنگـار، ژنـانی ستەملێکراو، ناڕازی لە پلەدوویی و دەسـەڵاتی پیاوسـالاری، بێــزار لە هەڵاواردن و جیاکـــاری، بە ئاســۆ و ئایــدیا و پەروەردەی بەرەنگـــاریەوە، بەخێرایی دەگۆڕێن بۆ سومبولی خەبات و تێکۆشـان، نمونەی ئەم پێشـکەوتن و هێز لەخۆنیشاندانە لە خۆپیشاندانەکان و سەرهەڵدانەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی وڵاتانی ناوچەکەو بەرخۆدانی ژنانی رۆژئاڤا بەئاسانی بەدیدەکرێت.

لاوانـی بەرەنگـار، کە خـاوەنی ئینێـرژی زۆرن و سیسـتەم خسـتوونیەتە پەراوێـزەوە، فەرامۆشــکراون، بەبیــانووی جۆراوجــۆرەوە دەبێــزرێن و دەشــکێنرێنەوە، زۆرتــرین رێــژەی بێکــاری لەنــاو ئەوانــدایە، لەســەروەت و ســامانی کــۆمەڵ بێبەشــترینن، لەبەڕێـــوەبردنی کۆمەڵگـــادا بەرتەســـکترین پانتاییـــان هەیە، بەڵام لەبـــزووتنەوەی بەرەنگاریدا تین و توانایان دەتەقێتەوە و موعجیزە پێکدێنێت.

بێکـارانی بەرەنگـار، کە هـیچ نـیە لەدەسـتی بدەن، زیـاتر لەهەر بەشـێکی تـر دەتـوانن هەڵگری توخمی بەرەنگاری بن و هیچ بەرژەوەندییەکایان لە مـانەوەی سـەرمایەداریدا نــیە، بێکــاران، کەپێشــتر وەکــو هێــزی یەدەگــی ســەرمایەداری پێناســەدەکران بــۆ کەمکردنەوەی هەقدەست و کرێی کرێکارانی لەسـەرکار و گوێڕایەڵییـان بۆ خاوەنکار، بەڵام ئەمڕۆ بوون بە مەترسـی بۆ سـەرمایەداری و زرینەی ماتریالی شۆڕشـەکان و زەخیـرەی ئەو رووبەڕووبوونەوانەی ئارامییـان لە سـەرمایەداری سـەندووە بێکـارانن، "بزووتنەوەی بێکاران" لە کوردستان، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، خۆی نمونەیەکی زیندووە لەم بارەیەوە.

وە بەرەنگاری بۆ چارەسـەری کێشـەی نەتەوەیی و تەنانەت رێکخستنی بەرەنگاری کەمینە ئاینیە ستەم لێکراوەکان، کە سیسـتەم وەکوپێویسـت جێگایان ناکاتەوە لەخۆیدا

و لەچوارچێوەی کۆمەڵێک بەرژەوەندیدا جێگەوپێگەی پلەدووی پێبەخشیون،خەبات دژی ئەم ستەمکارییانەو خەونی کۆتایی پێهێنانی ئەگەر ببتەهەوێنی لێدان لەسیستەمی چەوساندنەوەکۆمەکی گەورەدەکات بەبزووتنەوەی بەرەنگاری، بەڵام ئەگەر بکرێت بەنەردەوانێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی بۆرژوازی، تەنها گۆڕانکاری فۆرماڵی پێکدێنێ و دەردەگەورەکەی ستەملێکراوان دەرمان ناکات.

لە پرۆسەی خەبات و بەرەنگاریدا هیچ بەشێک رابەری ئەوانی تر نیە، لەوانەیە لەسەردەمە جیاوازەکاندا بەشێک تا بەشێکی تر زەمینەو ئامادەیی بەرەنگاری زیاتریان تێدابێت، بەڵام بەرەنگاران هەموویان رابەری بەرەنگارین، هەربەشە لە بواری خۆی، بەرترکردنی بەشێک بەسەر بەشەکانی تردا خۆی جۆرێکە لەچینگەرایی و لەژێر کاریگەری پلەبەندی چینایەتی دایە. پەرەپێدانی نارەزایەتی چینە چەوساوەکان و خەڵکی ستەملێکراو لەدژی سیستەمی سەرمایەداری و تێکۆشان لەپێناو کۆمەڵگایەکی نوێی بێ ستەم و چەوسانەوە، ئازاد و دوور لە دابەشبوونی چینایەتی، رێگای دروستی رووبەڕوو بوونەوەو بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیستەمەیە، هەر ئێستا ژمارەیەکی زۆری مرۆڤە چەوساوە و ستەملێکراوەکان، بە شێوە ژیانی سەرمایەداری رازی نین و رەتی دەکەنەوەو شێوە ژیانێکی ناچینایەتی دەخوازن، جا ئەمە بەئاشکرا بێت یان بەنهێنی، بەهێزبێت یان لاواز، ئەم بەرەنگارییە هاوکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازی و ستەمکاری و چەوسانەوەیە (چاکسازی و هەموارکردن) دەبێت بۆ بەدیهێنانی فۆرمێکی جێگرەوە بێت بۆ ژیانکردن، فۆرمی هاوژیانی و هاوبەشی و هەرەوەزی "**کۆمۆنیزم**" کە جێگای فۆرمی چینایەتی و پلەبەندی ئابووری و سیاسی بگرێتەوە.

هەموو ستەمکارییەکی سیستەمی سەرمایەداری لەبەرامبەردا دەبێ ببێت بە هەوێنی بەرەنگاری، پۆتانشیۆلی شۆڕشی سۆشیالیستی دەبێت هەموو ئەو بەرەنگاریانە بێت.

هەڵبەت قسەکە ئەوە نیە لەبەرامبەر چەوساندنەوەی کرێکاران ببیت بە کرێکارگەراو لەبەرامبەر ستەمکاری ژنان ببیت بە فیمینیست و لەبەرامبەر بە ستەمی نەتەوایەتی ببیت بە ناسیونالیست و لەبەرامبەر ستەمی مەزهەبی ببیت بە ئایینی، بەڵکو بنەڕەتی مەسەلە ئەوەیە ئەوانەی بەدەست ئەو ستەمکارییانەوە دەناڵێنن ژیانی هاوبەشی و پێکەوە ژیان و سۆشیالیزم و خەبات لەپێناوی ئەوانەدا بەرێگای سەرەکی لابردنی ستەمی سەرخۆیان بزانن و ببن بە بەشێک لە پۆتاشیۆڵی خەبات لەپێناوی تێپەڕکردنی سیستەمی چینایەتی سەرمایەداری و شێوە ژیانی چینایەتی، کە سەرچاوەی ئەو ستەمکارییانەیە.

بۆ ئەوەی بەرەنگاری بگات بە دامەزراندنی شارستانیەتێکی نوێ و کۆمەڵگایەکی ئازاد و هاوبەش و یەکسان، بێ دەوڵەت و بێ چین و چەوسانەوەو ستەمکاری، یەکەمین هەنگاو کۆمەڵسازیەکی نوێی ناچینایەتیە لەسەر بنەمای پرەنسیبەکانی پێکەوەژیانی ئازادانەو هەرەوەزکاری و خۆبەخشی و هاوبەشێتی، یانی درووستکردنی کۆمەڵگا کۆمۆنیستیەکان یان کۆمۆنەییەکانە، لەڕێگەی ئەم کۆمەڵسازیە نوێیەوە کۆمەڵگا سەرو بن دەگۆڕێت. ڕێکخستنی گشتی - ئاسۆیی کۆمەڵگا لەدەوری خواست و پێداویستیەکانی ژیان دەبێت بە جێگرەوەی ڕێکخستنی شاوڵی کۆمەڵگا لە دەوری قازانجی کەمینەو دەوڵەت و دامودەزگاو بونیادە هەرەمیەکانی.

لەم ڕێکخستنە نوێیەدا، چی تر دەسەڵاتی سیاسی پێکهاتێکی جیا و سەربەخۆ نیە لە کۆمەڵگاو لەسەرووی کۆمەڵگاوە فەرمان دەرناکات، بەڵکو بەشێکە لە خۆڕێکخستنی کۆمەڵگا. مرۆڤەکان کە پێکەوە هەڵگری رۆحی بەرەنگاری بوون، پێکەوەش دەتوانن ببن بە بەردی بناغەی دامەزراندنی ژیانێکی هاوبەش و سۆشیالیستی نوێ. هەڵبەت کرێکاران، بێکاران، ژنان، لاوان، نەتەوە ژێردەستەکان و چەساوەکان و ستەملێکراوان، کە ئێستا کەرەسە و ماتەریالی سەرەکی بەرەنگارین و زیاتر لەوانی تر دەتوانن رۆحی بەرەنگاری لەخۆیان نیشان بدەن، دامەزراندنی کۆمەڵگای نوێشیان لەتوانادایە، کە

سەرەتا لە بەرانبەرکێ لەگەڵ کۆمەڵگای دەوڵەتداری و موڵکداریدا دەست پێدەکات و دواتر دەبێتە جێگرەوەی.

## پەراوێزەکان

[1] لە ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا کەڵک لە " بازرگانی کۆیلە" لەوەرگێڕانی خۆم و موناقەشاتێکی ناوخۆیی وەرگیراوە.

[2] ئەم نمونە ناشیرینەی مرۆڤایەتی لە ئوستورالیا سەرەتا لەلایەن پورتوگالیەکان لەسەرەتای سەدەی ١٧ و دواتر لەلایەن هۆڵەندیەکان لە ناوەڕاستی سەدەی ١٧ وە لەناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی ١٧شدا لەسەر دەستی بەریتانیا دووبارە کرایەوە، کە دانیشتوانە رەسەنەکەی ئێستا ریژەیەکی زۆر کەمی پێکدەێنن و کەمینەیەکی پەراوێزکەوتوون لەو وڵاتەداو تائێستاش برینی ئەو داگیرکاری و ستەمکارییەیان ساڕێژ نەبووە.

[3] ساڵی ١٤٩٨ بەریتانیا بە باشوری ئەفەریقادا گەیشتە هندستان و زەریای هندی و ئەوەش گورزێک بوو لە بازرگانی لەرێگای دەریای سپی کە بەدەست عەرەبە ئیسلامەکانەوە بوو.